# ئەگەر هاتی

* کاوەی خەسرەو کاوانی ٭



ئەگەر هاتی
هەواڵێکم بۆ بنێرە
هەتا هەموو گوڵەکانی رۆحم بۆتۆ
وەکو فەرشێکی کاشانا
لەسەر رێ ی هاتنت راخەم ,
من دەمەوێت هەموو ساتەکانی تەمەن
جگە لە هاتنت نەبێت
بەچەشنی گوشی تەلەفۆن
زەنگیان ببڕم
یەك یەك بەسەریان دا داخەم,
زۆر دەمێکە چۆلەکەی رۆح
لە ئاسمانی خۆشەویستی
بەدوای دوورگەی
نیشتمانێکی بزربوودا دەگەڕێ
تا هەر نەبێت پێش کۆچباری یەکجارەکی
ئۆقرەبگرێ و دوا پشووی خۆی تێدا بدات ,
یان هەرنەبێت بۆ ئەم دڵە کۆچ کەوتووە
ئارامگا بێ و بۆی بکر ێتە دوایین وەڵات,
تۆ تەنیا رابردووی من نیت
تۆ ئەو خەونە ئەرخەوانیانەی نەم دیوون,
تۆ ئەو ژینەی رۆحت وەبەر
ساتە بێ دەنگ و مردووەکانم بەخشیوون.